داهێنەری نێتەلا کەچی دوایی کرد



کیمیازانی ئیتاڵی فرانچیسکۆ ڤیڤیلا لە تەمەنی 97 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

ڤیڤیلا بۆ ماوەی زیاتر لە چل ساڵ لێگەڵ کۆمپانیای "فیرەرۆ" کاری کرد، لەوێ ڕۆڵی سەرکی هەبوو لە گۆشەپێدانی چێندین بەرهەمی بەناوبانگی وەک "نوتەلا، تیک تاک و کیندەر"، وەک دەستە ڕاستی داهێزرێنەری کۆمپانیاکە میشێل فیرەرۆ، ڕۆڵی سەرکی هەبوو لە دروستکردن و هەڵبژاردنی ناوی نوتەلا.

ڤیڤیلا لە ساڵی 1952 لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا پەیوەندی بە کۆمپانیای فیرەرۆ-وە کرد، لەوێ دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لە کۆرستەی خاوی شوکلاتە کە بۆ دروستکردنی بەرهەمکانی کۆمپانیاکە بەکاردەهێنرێت، لەو کاتەدا، براندی کۆمپانیای فیرەرۆ هەشتا لە ساڵەکانی سەرەتای داهێزراندنیدا بوو، لە شارۆچکەی بچووکی ئێلبا لە باکووری ئیتاڵیا بنکەی هەبوو.

پاش زیاتر لە ساڵێک لە کارکردن لەسەر پەرەپێدانی هەویری چوکلاتی گوێز، ڕیفیلا یەکەم پاکەتی کرەمی گوێز و کاکاوی لە ساڵی 1964 دروست کرد.

کاڵایەکە پێکهاتبوو لە شەکر، زەیتی خورما، گوێز، شیر، کاکاو، لەسیتین و ڤانیلا، کە ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێنا بوو کە ساڵانە پێنجی شوبات ئاهەنگ بۆ یادی دروستکردنی ئەو کاڵا کاکاوە دەگێڕا.